# گا و گوێرەکە

بالروح بالمال
نفديك يا جلال

**حەمەسەعید حەسەن**

۲۰۰٥/۳/۳۱ لە بەشی سێیەمی <گەشتنامە>کەمدا، نووسیبووم: (دوای کودەتاکەی هەشتی شوباتی ۱۹٦۳، جەلال تاڵەبانی بۆ وتوویژ گەییشتە بەغدا، کەچی لەبری ئەوەی داوای مافی کورد بکات، لەگەڵ بەعسییەکاندا بەرەو قاهیرە ملی نا و لەوێ داوای یەکیەتیی نێوان عێراق، سووریا و میسری کرد! بەوەدا ئەو کە سەرۆکی شاندی کوردستان بوو، داوای بەیەکبوونی وڵاتە عەرەبییەکانی دەکرد، وای بۆ دەچم کە بووە سەرۆکی عێراق، داوای یەکیەتیی نێوان وڵاتانی عەرەب و وڵاتە ئیسلامییەکان بکات.) دوای یەک هەفتە ئەم پێشبینییەم هاتە دی، ئاخر تاڵەبانی هەر کە بووە سەرۆکی کۆماری عێراق، لە یەکەم ئاخاوتنیدا گوتی: (دەبێت عێراق بگەڕێتەوە بۆ دەوروبەرە ئیسلامی و عەرەبییەکەی، دەبێت عێراق ڕۆڵی کاریگەر لە زیندووکردنەوەی گیانی هاریکاری لە نێوان وڵاتانی عەرەب و ئیسلامدا بگێڕێت.)(۱)

بە گوێرەی قسەی میدیای سوێد، نەک هی من: (دەسەڵاتداری ڕاستەقینەی عێراق، ئیبراهیم جەعفەرییە، ڕۆڵی تاڵەبانی، ڕۆڵێکی ڕەمزییە.)(۲) سیزەر لە تورکیا چەند دەستی دەڕوات، تاڵەبانیش لە عێراق، هەمان دەسەڵاتی دەبێت. غازی عەجیل یاوەر(۳) چی بۆ عێراق کرد، تاڵەبانیش هێندەی بۆ دەکات. ئەگەر یاوەر توانی لە سەردەمی سەرۆکایەتیی خۆیدا، ژنێکی کورد بهێنێت، تاڵەبانی چونکە دژی فرەژنییە، شانسی هێنانی ژنێکی عەرەبیشی نییە. ئەگەر پۆستی سەرەککۆمار، پۆستێکی گرنگ بووایە، لەبەر شیعە دەست کورد نەدەکەوت. یەکەمین جارە سەرەککۆمار دەستی لە هی کەروێشک کورتتر بێت، بۆیە ئەو پۆستە دەست کورد کەوتووە، ئیدی نازانم ئەو کوردە قەلەندەرە، ئەو بەزم و گۆڤەندەیان لە چییە؟

هۆشیار زێباری کە بە ددانپێدانانی دۆست و دوژمن، دیپلۆماتێکی لێهاتووە، بەڵام لەوساوە کە وەزیری دەرەوەی عێراقە، نەک هەر هیچی باشی بۆ کورد پێ نەکراوە، بەڵکوو لەبەر ئەوەی کوردە، لە دوا کۆبوونەوەی جڤاتی وڵاتانی عەرەبدا، کە دوو هەفتە لەمەوبەر لە جەزائیر گرێ درا، سووکایەتیشی پێ کرا. قەززافی کە لە سلێمانی گۆرەپانێک ناوی ئەوی لێ نراوە! پێی نەنگی بوو، بە زێباری بڵێ وەزیری دەرەوەی عێراق، یان تەنانەت ناوی بهێنێت، بەڵکوو بەوپەڕی سووک سەرنجدانەوە، دەستی بۆ درێژ کرد و گوتی: هذا الكردي!(٤)

جەلال تاڵەبانی سوێندی خواردووە یەکپارچەیی خاکی عێراق بپارێزێت و من خەون بە لەتوپەتبوونییەوە دەبینم. دڵنیام ئەو، بۆ ئەوەی کەس گومان لە عێراقیبوونی نەکات، ئیدی لە حاجەم حەسەنی و ئیبراهیم جەعفەری، عێراقییانەتر هەڵسوکەوت دەکات. ئیدی پێش ئەوەی کوردستانی بێت، عێراقییە، ئیدی نەفرەت لەو ڕۆژگارە دەکات، کە بانگەشەی بۆ کوردستانیبوون دەکرد و تۆمەتی عێراقچییەتی، وەپاڵ نەیارانی دەدا.

گۆڕانکاری ئەو هاوکێشەیەی کە <شیعە و سوننە هاونەتەوە و هاوئایینن،> ناگرێتەوە. کەواتە لایەنە هاوبەشەکانی نێوان ئەو دوو پێکهاتەیەی عێراق، دوو هێندەی خاڵە ناوکۆییەکانی نێوان کورد و هەر یەکێک لەو دوو لایەنەیە، ئاخر تەنیا ئایین، کورد لەگەڵ شیعە یان سوننەدا کۆ دەکاتەوە. هاکا شیعە و سوننە، لە دژی مافە ڕەواکانی کورد، چی ناکۆکییان لە نێواندا هەیە، فەرامۆشیان کرد.

جاران عێراق، چونکە لە دوو نەتەوەی سەرەکی پێک دەهات، کورد، هاوولاتی پلەی دوو بوو، هەنووکە چونکە عێراق لە شیعە، سوننە و کورد پێک دێت، ئیدی کورد هاوولاتی پلە سێ دەبێت. جاران کورد لە دژی خواستی خۆی هاوولاتی پلە دوو بوو، لەمەو دوا کورد بە ڕەزامەندیی خۆی هاوولاتی پلە سێ دەبێت.

بە گوێرەی بیرەوەرییەکانی (سامان)ی تەرجومانی سەددام حسێن،(٥) تەنانەت ئەو دیکتاتۆرە، پێش ئەوەی هەنگاوێکی گرنگی نابێت، پرسی بە سەرانی بەعس کردووە و زۆر جار تاریق عەزیز و هودا عەمماش، ڕەخنەی توندیشیان لێ گرتووە. تاڵەبانی کە لەسەر تەختی قەلاچوالان ڕۆ نیشتبوو، گوێی لە هیچ کام لە سەرانی یەنک نەدەگرت، تۆ بڵێیت لە عەرشی بەغدای پێتەختی ڕەشیدەوە، گوێ بۆ چوارگای گلەیی و ڕاوێژی کۆسرەت ڕەسوول و نەوشیروان مستەفا، ڕادێرێت!

2005. 04. 08

(١) کوردستانی نوێ، ٧ی ئەپریلی ٢٠٠٥ ل٤

(٢) بۆ نموونە تێکستی تەلەڤیزیۆنی سوێد ٢٠٠٥/٤/٧

(٣) عەجیل، ئەگەر لە <عجل>ەوە هاتبێت، ئەوا گوێرەکەی نێرە، عجل خۆی کوڕی گایە، کەچی غازی کە کێشی گایەکی هەیە، کوڕی گوێرەکەیە!

(٤) ئەو (هذا الکردي!)یەی قەززافی، بە مانای (ئەو کەرە)دێت، نەک (ئەو کوردە،) بە مەرجێک تۆزێک شیاکە لەپاشەڵی هەڵبسوێت و بیخەیە نێو گاگەلەوە، هەست بە غەریبی ناکات. سوپاس بۆ ڕۆشنبیری ناسراو، هاشم ساڵح کە لە ڕۆژنامەی ئەششرەقل ئەوسەتدا، لەسەر ئەم هەڵوێستەی کە لە شۆڤێنزمەوە سەرچاوە دەگرێت، قەززافیی ڕیسوا کرد.

(٥) سامان عبد المجید، مذکرات مترجم صدام. ٢٠٠٥/٤/٧ موقع إیلاف الالکتروني.